گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ فراوان بوونی ڕووبەر و لەمپەرەکانی بەردەم شاری عەنکاوە- لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار

**مظفر احمد رسول**
بەش جوكرافيا, كۆلێژ جوكرافيا , زانكۆ صلاح الدين ، هەولير ، كوردستانى عيراق
mudhafer.rasool@su.edu.krd

**لوزان حسن عبدالرحمن**
بەش جوكرافيا, كۆلێژ جوكرافيا , زانكۆ صلاح الدين ، هەولير ، كوردستانى عيراق
lozan.abdulrahman@su.edu.krd

**زيرين ستار ابراهيم**
بەش جوكرافيا, كۆلێژ جوكرافيا , زانكۆ صلاح الدين ، هەولير ، كوردستانى عيراق
Zerin.ibrahim@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢٢
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٣٠
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
City, Expansion, Lame, Prosperity, Prevention

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.3.14

## پوختە

دياردةى فروانبوونى شارةكان يةكيَكة لةو دياردانةى لةسةردةمى ئيستادا بووتة سيماى سروشتى شارةكان بي كومان ئةم فراونبوونة لة ئةنجامى زيادبوونى ريَزةى دانيشتوان وكؤجى خةلك لةناوجةكانى دةروةى شار بؤ ناوةندةكتنى ئةم فرووانبوونة زؤر جار رووبةرووى كؤمةلى بةربةست وريكرى سروشتى ومرؤيى دةبيتةوة كةلة كؤتايدا ريرةوى ئةم فراونبوونة دةكوريَت.شارۆچكەی عەنكاوەش بەدەر نيە لەم لەمپەرانە چونكە فراوانبوونى رووبەرى شارنشينى شارەكە بە چە ندين قوناغى مورفولوجى گوزەرى كردووە لە سە رە تاى دروستبوونى شاروچكە ى عە نكاوە تە نها گونديكى بچووک بووە ، بە لام دواى بە رزبوونە وە ى پلەى ئيدارى لە گوندە وە بووە بە ناحيە بە لام لە كوتايى هە شتاكاندا بووە بە 6 گەرەك هە روە ها لە سالى 2003 حەوت گە رە ک ولە سالى 2021 بووە بە 12 گە رە ک بووە. لەگەڵ ئەم فراوان بوونانەش دةگات بە كۆمەلێك لەمپەرى سروشتى و مرۆيى يكە دەبيت بە رێكر لەبەردەم فراوان بوون يان گۆرينى ئاراستەى

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فراوان بوونەکە. ئامانجی سە رە کی لەم لیکولینە وە یە دە رخستنی ئەو لەمپەرانەیە کە دەبنە رێگر لەبەردەم گەشە و فراوان بوونی شارەکە و ئاسوی ئایندەی فراوانبوونی ئەم شاروچکە یە بە مە بە ستی پیکانی ئامانجی لیکولینە وە پیکهاتووە لە سی تە وە رە ی سە رە کی تە وە رە ی یە کە م بریتیە لە ناساندنی چەمك و زاراوەکان و ناساندنی ناوچەی لیکولینە وە لە رووی شوینی فە لە کی و جوگرافی . تە وە رەی دووە م پیکهاتووە لە نیشاندانی قوناغە کانی فراوانبوونی شاروچکەی عە نکاوە لە پیش 1991 و تاکو ئیستا، تە وە رە ی سییەم باس لە تایبەتمەندی و پۆلین کردنی لەمپەرەکان و دەستنیشانکردنی لەمپەرانە دەکەین کە بووەتە رێگر لەبەردەم گەشە و فراوانبوونی شاروچکە کە. لە کوتایی ئاماژە بە دە رئە نجام و راسپاردە کان و لیستی سە رچاوە کان کراوە.

## پیشەکی

دیاردەی فراوان بوونی شارە سەردەمیەکان بە دیاردەیەکی سروشتی هەژمار دەکرێت سەبارەت بە شار،پاش دەستپێکردنی جوولە ودەستپێکردنی شاری نوێ ئەم شارانە گەشەیان کرد لەناو ژینگەیەك کە بە ژینگەی خۆی هەژمار نەدەکرا و تەواوەی بەلگە شوێنەواریەکان و ئەکادیمییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە دروست بوونی شار لەسەر دەستی لادێ درووست بووە.

هەروەك (جفر سون) دەڵێت لەکاتی بەردەست بوونی زیادەی بەرهەم هێنان لە ناوچەکانی لادێ نشین ئەوا وا پێویست بکرێت بۆ دابەش کردن و ساغ کردنەوەی بەرهەمی زیادە کەواتە شورا یان سنووری شارە پێویست بوول ە قۆناغێك لە قۆناغەکانی زیان لەکاتی پەیدابوونی دەسەلاتی ووڵات وەناوەند و دەسەڵاتی خۆی سەپاند بەسەر شار و هەرێمەکان وای پێویست کرد کە ئەم شورایانە هەڵبگیرێن وە دۆزینەوەی ناوکی شارنشینی لەسەر رووبەرێکی فراوان وە شارەکان دەستیان کرد بە فراوان بوون بەشێوازی جۆراوجۆر لە نێوان ئەم شێوازانەی کەوا لە دەوروبەری خۆیان بەسەر یان زیادی کردبوو،شار پەیدابوو هەر لەسەرەتای شۆرشی پیشەسازی بوون بە شاری گەورە وە رووبەرێکی گەورەیان داگیرکرد هەر بۆیە ناوەندی شارستانی شۆربۆیەوە بۆ زەوی و ناوچەی کەوا گونجاو نەبوو بۆ شارنشینی هەر بۆیە ئەم ناوەندانە کیشەی ئاوەدانیان لۆ دروست بوو کەوا ئەتوانرا ئەو فراوانی تێدا ئەنجام بدرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گه شەی شارنشینی یان فراوانبوونی شاره كان ده رهاويشته ی كومه ليک هوكارن كه به شداری دەكەن له روودانی دیارده كه. له وانەش هوكاره جوگرافيه كان و ديموگرافيه كان و نابووريه كان سه ره رای چه ندين هوكاری تـری وه كو كومه لايه تی، ميژوويی، راميارى، ئاينی كه هه مووی به يه كه وه بوونه ته هوی گه وره بوونی شاره كان،لەم كاتەش هەندێ جار دەگەن به لەمپەری سروشتی و مرۆییەکان و دەبنە رێگر لەبەردەم زیاتر فراوان و بوون و گەشەی شارەکە یان گۆڕینی ریرەوی فراوان بوونەکە بە جوريک بوته کیشه، به شيک له شـاره گه وره كانی جيهان به ده ستيه وه ده نالیتن، پاريزگای هه وليريش له م گرفته به ده رنيه و كه لەم سالانه ی دواييدا فراوانبوونی خيراى به خويه وه بينيوه و بوته هوی ده ركه وتنی چه ندين كيشه و گرفت له هه موو به شه جياوازه كانی سه نته ری هه ولير له م گرفته به ده رنيه شاروچكه ی عه نكاوەش فراوانبوونی به جوريک به خويه وه بينيوه تا وای ليهاتووه بووه به شيک له شاری هەولیر لەگەڵ ئەم فراوان بونانەش دەگات به لەمپەری سروشتی و مرۆیی و له ئەنجامدا دەبیت به رێگر لەبەر دەم فراوان بوون و گەشەدەی شارەکە یان ئاراستەی فراوان بوونەکە دەگۆڕێت.

ئامانج :بريتيه له دياری كردنی ناوچەی لەمپەری (لەمپەره سروشتی و مرۆییەکان) سەبارەت بە فراوان بوونی رووبەری شارۆچکەی عەنکاوە له رابردوو تا ئیستا و تیشك خستنه سەر ئەو هۆكارانەی كه بوون به هۆی سەرهەلدانی ئەم ناوچانه و وه دياری كردنی ئاراستەکانی کەوا شارەکە توانای هەیە بۆ تایبەتمەندیەکانی ئاوادانکردنەوە و جێبەجێکردنی پلان و نەخشەی تایبەت.

**<u>کێشەی توێژینەوە</u>:** کیشەی توێژینەوە توانای ئەو لەمپەرانە بەدۆزیتەوە کە لەبەردەم فراوانی بوونی شارۆچکەی عەنکاوە دروست بووة له ئیستا و داهاتوو. لیرەدا هەوڵ دەدین لەمپەراکان دیاری بکەین و رێگا چارەی گونجاو بۆ بدۆزینەوە و سنوورێك بۆ كاریگەریەكانی دابنێین .

**<u>گريمانه</u>**: توێژینەوەکە بە ئاراستەی دوو گریمانه دەچێت ئەمیش:

1-نەبوونی توانای فراوان بوونی شارۆچکەی عەنکاوە بوهۆي هةبوونی لةمبةر بة هةموو ئاراستەکان

2-روڵی دیاردە مرۆییةکان بەشێوەیەکی گەورەتر بةدةردةكةون بەبراورد بة دیاردەی سروشتییةکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**<u>ڕێبازی توێژینەوە</u>**::توێژینەوە زانستیەکان بەمەبەستی گەیشتنی بە ئامانجەکانیان سود لە میتۆدێك یان چەند میتۆدێك وةردةطرن، توێژەرانیش لەم لێکۆڵینەوەیە بەمەبەستی گەیشتن  بە ئامانجەکان پشتیان بە میتودی شیکردنە وە ی بە راوردکاری تیدا پیادە کراوە لە گە ل مینودی میژوویی. ئەمە جگە لە بەکار هێنانی هەندێ ئاماژە و پێوانەی پلاندانانی تایبەت بۆ دانانی خزمەتگوزاریە بنةرةتی و کؤمةلايةتيةكان .

**<u>پلانی توێژینەوە</u>**: پلانی لیکولینە وە کە بە م شیوە یە داریژراوە بریتیە لە چە ند تە وە رە یە ك لە تە وە رە ی یە کە م ئاماژە بە چەمك و زاراوەکان کراوە لەگەڵ  ناساندنی ناوچة ی لیکولینە وە. لە تە وە رةی دووە مـدا ناماژە بە قوناغە کانی فراوانبوونی شاروچکە ی عە نکاوە کراوە لە گە ل زیادبوونی ژمارە ی گە رە ک و رووبە ری ناوچە کە و گە شە ی دانیشتوان. لە تە وە رە ی سییە مدا تایبەتمەندی و پۆلێنکردنی  لەمپەرەکان خراوەتە روو بە (سروشتی و مرۆیی) و لەگەڵ دەستنیشانکردن و دیاری کردنی  لەمپەرەکانی شارۆچکەی عەنکاوە.

## 1   چەمکی  و زاراوەکان و ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

### 1-1-چەمك و زاراوەكان

توێژەران و پسپۆرانی بواری جوگرافیای شار و پلاندانەرانی شارستانی جیاوازن لە رووی دیاری کردنی زاراوةی ناوچەی لەمپەر و فراوان بوونی شارەکان و هەمەجۆری ناو نیشانی بەکارهێنراو بۆ ناوچەی پەستان لەسەر وە هۆکارەکانی فراوان بوونی شارستانی و  لەمپەرەکانی بەردەم فراوان بوونی شارستانی هەیە. لیرەدا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین.

وەك (دلێمی) پێناسەی کردووە بەم شێوەیە کەوا هەر  لەمپەرێکی سروشتی وەیان مرۆیی بکەوێتە بەردەم پەرەپێدان و بەردەوام بوونی ئاوەدان کردنەوە لە ناو شاردا ئەوا پێویستی بە تێچوویەکی زیاتر هەیە بۆ زاڵ بوون و رزگار بوون لەم  لەمپەرە کە بە شێوەیەك بێت بگونجێت لەگەڵ گەشەی دانیشتوان وە دابینکردنی پێداویستیەکان .

بەلام (الجنابی) بەم شێوەیە ڕِوونی کردؤتةوة،ناوچەی  لەمپەر کاریگری لەسەر فراوان بوونی شارستانیەت بە رێگر هەژمار دەکرێت سەبارەت بە بەردەوام بوونی پلانی شارەکە و لەشارە گەورەکان وەك یەکەیکی ئەیکولوجی بە روونی بەدیار دەکەوێت  و ئەم جۆرە بەکارهێنە شیاو نیە لەلایەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی شارستانی نوی بە تایبەتی بوونی لە شوێنی نیشتەجێبوونی بە شێوازی نزیکی هاوسیەکان لەیەکتری ئەمیش بە هۆکاری دەروونی و کۆمەلایەتی وە شوینی بنکەی تەندروستی و ئاسایش.

لیرەدا دەگەینە ئەوەی هەر رێگریەك بێتە بەردەم بە فراوان بوونی شار و بەرتەسککردنەوەی بە لەمپەر بەردەم شار هەژمار دەکرێت جا ئەو لەمپەرە سروشتی بیت یان مرۆیی.

شار المدن دە ست نیشانکردنی چە مکی شار لە ولأتیکە وە بۆ ولاتیکی تر جیاوازە, (دیکن سون) دە لیت شار بریتیە لە نشینگە یەك کە ژمارە یە کی بە رچاو لە دانیشتوان تیدا نیشتە جیبوون و سە رقالی هە موو چالاکیە کی جۆراوجۆری جگە لە چالاکی کشتوکالی وەك چالاکی بازرگانی و پیشە سازی و خزمە تگوزاری ئیداری دە ولەت.(غمدان،1965،ص827)

فراوانبوونی رووبەر _ التوسع المساحي : مە بە ست لە فراوانبوونی رووبەر بریتیە لە گۆرانکاری لە رووبە ری شاردا کە پیوانە دە کریت لە ریگای گورانکاری لە نیوان دوو ماوەی کاتیدا، بە راوردکردنی رووبە ری ئیستای شار بە رووبە ری پیشووی شار، نەم گۆرانکاریە ش لە چوارچیوە ی دە وروبە ری شاردا روودە دات. دیاردە ی فراوانبوونی خیرا کە رووبە رووی شارە کان بۆتە وە نە ویش بە هۆکاری خیرای گە شەی شارنشینی(الفقة،1999،ص7)

گە شەی شارستانی _ النمو الحضري : ( بریتیە لە زیادبوونی دانیشتوانی سە نتەرە شارستانیە تیە کان, نە مە دیاردە یە کی نوی و هاوچە رخە کە رە نگدانە وە ی لە سەر بە رزی ریژە ی زیادبوونی دانیشتوانی ناوچە کانی شارستانی هە یە، کە دە رئە نجامی کۆمە لیك هۆکاری بایلوجی وەك پیتی و هۆکاری هەلس و کە وت وەك کوچکردن و هاتووە کان).(حسن،2008،ص7).

## 2-1- ناساندنی ناوچەی لیکولینە وە

تایبە تمە ندیە کانی شوینی فە لە کی شاروچکەی عە نکاوە دە کە ویتە نێوان بازنەی پانی (36.15) باکوور و هیلی دریژی (٤٣.٥٨) روژهەلات،شوینی شاروچکە ی عە نکاوە بە گویرەی دیاردە جوطرافیەکان ئەم شاروچکە یە دە کە ویتە هە ریمی کوردستانی عیراق لە پاریزگای هە ولیر، وە بە دووری (٤ کم) دە کە ویتە باکووری روژئاوای شاری هە ولیر، هە روە ها بە جوریک لە شاری هە ولیر نزیکە کە زە وی بە تال لە نیوانیاندا نە ماوە لە رێگای گەرەکی کورانی عەنکاوە بەتەواوی بە شاری هەولێر لکاوە بروانە نە خشەی (1).(5)لە سە ر ئاستی پاریزگای هە ولیریشە وە دە کە ویتە نزیک ناوە


بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


راستی پاریزگاکه وه ناحیەی به حه رکه ده که ویته به شی باکووره کەی، ناحیەی که سنه زانیش ده که ویته به شی روژهه لات و قه زای خه بات ده که ویته به شی روژئاواکەی شاری هه ولیریش ده که ویته به شی باشووره کەی (خصباک ١٩٧٣، ص١٤-١٥).

سەبارەت به ناوی شاروچکه که له کوندا به (عه مکاباد) یان (نه مکاباد) یاخود (هه مکاباد) ناوده برا،هه تا کوتایی سه دەی چواردەی زاینی عه نکاوه ناوی (عه مکاباد) بووه به لام دواتر گوران به سه ر ناوه که یدا هاتووه له (عەمکاباد)وه گوراوه بو (عەمکاوه) له پاشانیش بووه به (عه نکاوه). (روفو 1996، ص١١-١٠).


نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی شارۆچکەی عەنکاوە لەسەر ئاستی پارێزکای هەولێر سالی 2022




سەرچاوە کاری توێژەر پشتبەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی پلاندانا،دەستەی ئاماری هەرێم ،یەکەی جی ای ایس

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی (2) قوناغەکانی فراوان بوونی شارۆچکەی عەنکاوە تاکو ساڵی2022




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە بلاوکراوەی daiylovervier

## 2- قۆناغە کانی فراوانبوونی شاروچکەی عە نکاوە

شاروچکە ی عە نکاوە زوربەی شاروچکە کانی تری هە ریمی کوردستان فراوانبوونی گە ورە ی بە خـویە وە بينيـووە نە ويـش نامانجی دە ستە بە ركردنی پيداويستيە كانی دانيشتوانە كەی كە بە ردەوام رووی لە زيـادبوون بـووە بروانة نەخشەی (2). هە رچە ندە  زيادبوونی پيداويستيە كان جياوازی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەرپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بارودوخی رامیاری و سیاسی و كومه لایه تی و نابووری كه شاروچكه تیدا گوزه ری كردووه. هه ولده ده ین ئه و فراوانبوونەی شاروچكەكە دابه ش بكه ین به سه ر چه ند قوناغیكدا به م شیوه یه:

## 1-2- قوناغی پێش ساڵی 1991


شاروچكەی عەنكاوە لەرووی كارگێرِوە سەرتا بریتی بووە لە گوندیك بچووك پاشان لەگەل بەسەر چوونی كات ئەم گوندە گەورە دەبێت دەبێت بە ناحیە لەساڵی 1956. بی گومان هۆكارەكانشی دەگەرِێتەوە بۆ زیاد بوونی دانیشتوانی بەهۆی زیادەی سروشتی وكۆچ كردن سەرتاش بە سێ گەرِك دەست پێ دەكات.

بە پیی سە رژمیری سالی (١٩٧٧) ژمارەی دانیشتوانەكەی گەیشتبوە (٥٧٥٥) كە س ئەمەش پێویستی بەگەرەكی نوێ هەبوو، لە كوتایی هە شتاكانیش دا گە رە كە كـانـی عـە نـكـاوە بو (6) گە رە ك زیادی كرد ئە مە ش دە گە ریتە وە بو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان كە ژمارەی دانیشتوانە كە ی گە یشتە (٩٣٤٠) بە پیی سە رژمیری سالی ١٩٨٧ (أحمد ٢٠١٢، ص ١٥٣).كە گەرەكەكەكان بریتیبوون لە (دەرگە،حەدیاب،عەشتار،قەسرا،باحوس،حامورابی)بوو.

هە روە ها سالی (١٩٨٨) شاروچكە كە بە هوكاری رامیاری پلە و پایەی كارگیری لی سەندرایە وە و بوو بە گە رە كیك لە گە رە كە كانی شاری هە ولیر، بە لام سالی (١٩٩١) دووبارە پلەی كارگیری ناحیە ی پی درایە وە. ئە مە ش بووە هوكاریك كە زوربەی ریكخراوە جیهانیە كان لە عە نكاوە جیگیربن (أحمد ٢٠١٢، ص ١٥٣). گە رە كی دە رگە دەكە ویتە ناوە راستی شاروچكە كە. بروانە نە خشە ی (٣) و چارتی (1)و خشتةی(1). كە بە یە كیك لە كونترین گە رە كە كانی شاروچكە كە دادە نریت رووبە رە كە ی دە گاتە 43.03 هیكتار لە ریزبە نـدی یە كە م دیت لە روری زوری رووبە رە وە كە (23%)كۆی گشتی رووبەرەكە داگیر دەكات هوكارە كە شی دە گە ریتە وە بو ئە وە ی كە ئە م گە رە كە گە رە كیكی كونە و دە كە ویتە سە نتە ری شاروچكە كە وە ئە م سە نتە رەش ر بوتە فاكتە ریك بو راكیشانی نیشتە جیبوونی دانیشتوان سە رە رای جیاوازی لە رووی رووبە ر و میژووی دروستبوونیان یە ك بە دوای یە ك دادیت بروانة نةخشةی (2)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


چارتی ژمارە (1) دابەشبوون و رێژەی سەدی گەرەکەکانی شارۆچکەی عەنکاوە لە سالی 1991




سەرچاوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی پلاندان ،بەریوەبەرایەتی ئاماری هەولیر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە (3) رووبەری گەرەکەکان و بیناکراوی شارۆچکەی عەنکاوە سالی 1991




سەرضاوة كارى تويَذةر ثشت بةست بة وةزارةتى ثلاندان ،بةريوةبةرايةتى ئامارى هةريم

خشتەی ژمارە (1) ژمارەی دانیشتوان و گەشەی دانیشتوان لە نێوان سالانی 1957تاکو 2022

| ڕێژەی گەشە | ژمارەی دانیشتوان | ساڵ |
|---|---|---|
| 3.5 | 2858 | 1957 |
| 3.5 | 5755 | 1977 |
| 2.5 | 7402 | 1987 |
| 4.8 | 21872 | 2009 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| 4.8 | 24477 | 2012 |
| 2.5 | 92508 | 2013 |
| 2.5 | 25716 | 2014 |
| 2.5 | 26359 | 2015 |
| 2.5 | 27018 | 2016 |
| 2.5 | 27693 | 2017 |
| 2.5 | 28385 | 2018 |
| 2.5 | 29095 | 2019 |
| 2.5 | 29822 | 2020 |
| 2.5 | 30568 | 2021 |
| 2.5 | 31332 | 2022 |


سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە وەزارەتی پلاندان ،بەریوەبەرایەتی ئاماری هەریم 2-بەریوەبەرایەتی شارەوانی عەنکاوە زانیاری سەرژمێری سالانی (1957،1977،1987،2010) لەگەل رێژەی گەشەی سالانە بۆ هەر سالێك کە (2.5)

## دووەم قوناغی سالی 1991-2003

لەم قوناغە دا شاروچکە کە لە پاش پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی گەرەکەکان بەشێوەیەکی قوناغ بەقوناغ و لەسەرخۆ و سست گەشەی کردووە و زیادی کردووە بەهۆی ئەو بارودۆخە تایبەتیە لە کوردستان دروست بوو تەنها یەك گەرەك بۆ ئەم شارۆچکەیە زیاد بوو کە ئەمیش گەرەکی (کاریز) ە،بروانە نەخشەی (4) و .بە جوریک کوی ژمارەی گە رە کە کانی حە وت گە رە ک بووە. رووبە رە کە ی (٢٠٢,٢٩) هیکتـار بـووە رووبەری بیناکراو (105,51) هیکتار بووە. بروانە چارتی (2) و خشتەی(1).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چارتی ژمارە (2) دابەشبوون و رێەی گەرەکەکانی شارۆچکەی عەنکاوە سالی 2003





سه رچاوه: حكومه تى هه ريمى كوردستان، وه زاره تى پلاندانان، به ريوه به رايه تى دةستةى نامارى هه ريم2022

له خشته كه دا ده رده كه ويت له ماوه ى سالى 2003 ژماره ى كه ره كه كانى شاروچكه كه ته نها حه وت گه ره ك بووه، گه ره كى حامورابى كه به تاكه گەرەكی نوێیە لەم قوناغەدا کەرووبه ره كه ى ده گاته(13.74). هیکتار ئەم فراوان بوونە بەشێوەیەکی ئاسای بەردەوام بوو تا2003 و پاش روخانی حکومەتی بەعس و بەتایبەتیش پاش سالی دووهەزار و جوار کە بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری کلد و ئاشووری و سریانی ناوەراست و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە (4) رووبەری گەرەکەکان و بیناکراوی شارۆچکەی عەنکاوە سالی 2003




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە وەزارەتی پلاندان ،بەریوەبەرایەتی ئاماری هەریم2022

## سییەم: قۆناغی سالی 2003-2021


لەم قوناغە دا شاروچکە ی عە نکاوە پازدانێکی گەورەی کرد رووبە رە کە ی زیادیکردووە بە بە راورد بە قوناغی پیشوو گە یشتوتە (1027.88)هیکتار ژمارە ی گە رە کە کانیشی بووە بە (12) گە رە ک واتا پێنج گە رە ک زیادیکردووە وە کو (مهرعـودا ۱، مە رعـودا ۲، ناشـتی، مـارت شمون،کەرتی(

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

407)بروانە نەخشەی(5). رووبەری بیناکراو زیادیکردووە بو 177.47 هیکتار وە کو لە چارتی (3) دیارە ژمارە ی دانیشتوان زیادیکردووە 30568کە س بووە بروانە خشتەی(1).

ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە ناوەراست و باشووری عیراق دروست بوو کە بووە هۆی ئاوارەبوونی و دەربەدەر بوونی کلد و ئاشوور و سریانیەکان بەتایبەت کاتێك شەری مەزهەبی دروست بوو

چارتی ژمارە ( 3 ) ژمارە و رووبەری گە رە کە کانی شاروچکە ی عە نکارە بە (هیکتارو بەرێژە)لە سالی 2021




سە رچاوە: حکومە تی هە ریمی کوردستان، وە زارە تی پلاندانان، بە ریوە بە رایە تی نامـاری هـە ریـم، ژمارە و رووبە ری گە رە کە کانی شاروچکە ی عە نکاوە سالی2022

بە پشتباستن بە چارتی ژمارە (3 ) و نەخشەی (5)دە توانین بلیین گە رە کی مە رعودە2 دە کە ویتە بە شی باکوری شاروچکە کە و بە گە ورە ترین گە رە ک دادە نریت لە ڕووی رووبە رە وە کە رووبە رە کەی (406.05) هیکتارە ریژە کە شی (٤٠.٩٦%) کە کوی گشتی رووبە ری شاروچکە کە هوکاری ئەم رووبەرە فراوانیە دە گە ریتە وە بو دابە شکردنی چە ندە ها پارچە زە وی بە تایبە ت بە سە ر کریستیانە کان ئە وانە ی کە بە رە و شاروچکە کە کوچیان کردووە هە روە ها هیچ بە ربە ستیکی سروشتی و مروبی نە بوتە ریکر لە بە ردە م ئەم فراوانبوونە. لەم قوناغە شـدا فراوانبوونە کان بە هە مان شیوە ی تە واوکاری قوناغی پیشووترە شیوازی کوکراوە کە لە بە شی روژهە لات و باکوری شاروچکە کە بە دە


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رده كه ويت. هه روه ها شيوازى هه ره مه كى به دى ده كريت له به شيكى روژهه لاته كه ى هه روه ها له بەشى روژئاواى ئەم شيوازه هه ره مه كيه به ده رده كه ويت سه ره راى شيوازى ته وه ره يى له كه رتى تورى ريگاوبان له به شى باكورى گه ره كه كانى مه رعوده ١ و مه رعوده ٢.

له گه ل ئه وةى كه شاروچكه كه به رده وام له فراوانبووندايه به لام زياتر فراوانبوونه كه له شيوةى كومه لگاكانى نيشته جيبوون ده بى له نايندە دا به گويره ى ئه و ماسته رپلانةى كه بو شارى هه ولير دانراوه شاروچكه ى عه نكاوه فراوانبوونى گةورةى به خويه وه بينيوه ئةم فراوانبوونةش به رده وام زياتر له به شى باكورى شاروچكه زياتر به دى ده كريت به پيى نه و نه خشه بنه ره تيةى بوى دانراوه له داهاتوودا جيبه جيده كريت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە (5) رووبەری گەڕەکەکان و بیناکراوی شارۆچکەی عەنکاوە سالی 2021




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە وەزارەتی پلاندان ،بەریوەبەرایەتی ئاماری هەریم2022

## 3- پۆلێن کردنی لەمپەرەکان و دەستنیشانکردنی لەمپەرەکانی لە شارۆچکەی عەنکاوە

### 3-1- پۆلێن کردنی لەمپەرەکان:

ناوچەی لەمپەر پۆلین دەکریت بە پشت بەستن بە بنەرەتی و جۆری ناوچەی لەمپەر جا چ لە بنەرەتدا شێواز و جۆرەکەی بە سروشتی وابوویبت یان مرۆڤ خۆی دەستکاری کردبیت و خوی مرۆڤ دەستی هەبوویبت لە دروست کردنی واتا چ سروشتی بیت چ مرۆیی لێرەدا ئاماژە بەهەر یەکێکیان دەکەین.

3-1-1-ناوچەی لەمپەرەی سروشتی دابەش دەبیت بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3-1-1-1-توبوغرافی شوینەکە:ئەمەش چیای دژوار و بەرز و رك و لێژ لە خۆدەگرێت لەگەل گۆم و کەناڵی ئاوی و دۆڵی قول لەخۆدەگرێت

3-1-1-2-رووپێوە ئاوییەکان یان رووبەرە ئاوییەکان ئەمەش زەریا و دەریا و گۆمی ئاوی و زەلکا و لەخۆدەگرێت بەتایبەت زەریاکان و دەریاکان کە پان و بەرینە

3-1-1-3-دارستانەکان ئەمەش گرینگیەکی زۆری هەیە لەرووی خۆشگوزەرانی و لەهەمان کات دا پارێزگاری دەکات لە هاوسەنگی ژینگەی و بەربەستی سروشتی و لەمپەر دادەنرێن لەبەردەم فراوان بوونی شارەکان

3-1-1-4-هیتر وەك كانی کانزاکان و بیری نەوتی و کبریت و بەرد و لم ئەمانەش وەك لەمپەر و لەمپەر هەژمار دەکرین

3-1-2-ناوچەی لەمپەرەی مرۆیی دابەش دەبیت بۆ ئەمانەی خوارەوە

-ناوچەی داپۆشراو بۆ پاشماوەکان یان شوێنی رزگاربوون لە پاشماوەکان ئەمەش بریتیە لە کۆکردنەوەی پاشماوە کۆنەکان و و پاشەرۆکانی کۆن و نوی لە ناوچەیەك

-شێوازی نەخشەی هەیکەلی و پەیکەر بۆ شارۆەکان ئەمیش ئەمانە لەخۆ دەگرێت

ا-ئەم ناوچانەی کە لەکۆنەوە دروست کراون بەتایبەت کە دەکەویتە ناوەراستی شار کە ئەمەش ناتوانرێت فراوان بکریت لە داهاتوو هەر بۆیە وا دەخوازێت فراوان بکریت و سەر لەنوی و هەلبگیرێت و ئاوەدانی تازەی لەسەر دروست بکریت

ب- ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانی و سیمای گوندیان پێوە دیارە کە ئەمەش ناوچەی دانیشتوانی کەم دەرامەت لەخۆ دەگریت (زیادەرۆییەکان) کەوا خانوویان دروست کردووە لەسەر زەوی شارەوانی شارەکە ئەمانەش بریتیە لە خانووی نارێك و کەوا جێی کۆمەلایەتی هەژار تیایاندا نیشتەجێیە کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی رەوشت و مۆرفۆلۆجی مالەکانیان و بەسەر بردنی ژیانی رۆژانەیان لەگەل ئەو گوندەی کە کەوتۆتە ناو پشتێنەی شارستانی

3-1-2-3- شوێنی دیاری کردنی پیشەی (نەخشەی پیسەییەکان (تاشماوەکان)) هەندێك شوێن بەکاردێت کە دەکەوێتە ناوچەی لایەکانی بنەرەتی شارەکە وەیان دەکەوێتە دەووروبەری و ئەمەش رێگرە لەبەردەم فراوان بوونی شارەکە ئەم ناوچانەش بریتین لە ( ناوچەی پیشەسازی ) و(گورستان )و ( شوێنە شوێنەوارییەکان ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3-1-2-4-بەکارهینانی تایبەت:- ئەمەش سەر بە پارێزگا و بالەخانەی ئاسایش و رێگای ناوەخۆیی لەخۆ دەگرێت لەگەل ناوچەی نیشتەجێبوونی لەمپەرە گەورەکان

3-1-2-5- ئەم رێگایانەی بەکار دەهێنرێن بۆ گواستنەوە و وەك رێگایەك بەکار دەهێنرێت وەك رێگای شەمەندەفەرە و پێداویستیەکانی هەروەها فرۆکەخانە و کۆگاکان وە رێگای هاتووچۆی خێرا و وە رێگای هاتووچۆی دەرەوەی شار وە رێکای هێنانی کارەبا و ویستگەی بەرهەم هێنان و گواستنەوەی وزەی کارەبا

3-1-2-6-زەوی کشتوکالی ئەمانەش ئەم زەویانە دەگرێتەوە کە بە چری بەکاردەهێنرێن بۆ کشتوکال و بە پیتن بۆ ئەم بوارە بەلام قەدەغەکراون بەکار بهێنرێن بۆ شێنی نیشتەجێبوون

لێرەدا دەگەین بە چەند تایبەتمەندیەکی ناوچەی لەمپەر کە لەسەر بنەمای خستنەرووی چەمکەکانی ناوچەی لەمپەر و پۆلین کردنی وەك ناوچەی لەمپەر دروست دەبێت بەهۆی سەرچاوەیان وەك دیاردەیەکی سروشتی یان مرۆیی هەر بۆیە ئەمانە بەکارهێنەری لەمپەر بەکارهێنەری لەمپەر نین بەڵکو ناوچەی لەمپەرن لەسەر فراوان بوونی رووبەری شار .ئەم ناوچانەی بەکاردەهێنرێن لەرووی شارستانی وەك ناوچەی تەرخان کراو بۆ بازرگانی و پیشەسازی و لەپال ئەمەش دا بەکاردێت بۆ زەوی کشتوکالی و لەگەل ئەو گوندانەی لەدەوروبەری لەمپەری شارستانین یان لێیەوە نزیکن .ناوچەی لەمپەر و چەندین شوێنی جۆراو جۆر بەکاردێت لەناو شارەکە جا چ ناوچەی پەراویزخراو بن یان ببنە بەشێك لەناو بوشێکی ئاوەدانی ناو شارەکە .درێژبوونەوە و پەلهاویشتنی ناوچەی لەمپەر لەیەکتر جیاوازن هەرچەند ناوچەی لەمپەر زیاتر بیت کاریگەری زیاتر دەبیت لەسەر ئاوەدانی کردنەوەی شاردا.ناوچەی لەمپەر کاریگەری لەشارە گەورەکان زیاتر بەدەر دەکەوێت وەك لەشارە بچوکەکان ئەمیش لەبەر پێویستی شارە گەورەکان بە رووبەری زیاتر.ناوچەی لەمپەر هەندێك جار بەکار دەهێنرێن بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و کە سیما و شێوەیەکی نارێك و ناشارستانی بە شارەکە دیار دەبیت یان نزیکی و هاوسێیەتی لەو شوێنانە وەك نیشتەجێبوونی دانیشتوان و هاوسێیەتی لەگەل شوێنی فرێدانی زبڵ یان هاوسێیەتی لەگەل زەلکا و گۆماوەکان .گۆشەگیر بوونی ناوچەی لەمپەر و فراوان بوونی شارەکان لەهەندێك ئاراستە وەك ناوچەی چیای بەر و لێژ و رووبەری ئاوی بەلام بەزۆری ئەم ناوچانە لەمپەری دروست بووە لە رێگای مرۆڤەوە ئەتوانرێت شارەکە فراوان بکرێت لەرێگای هەلگرتنی شوێنی لەمپەرەکە یان گۆرینی و دووبارە دروست کردنەوەی و گواستنەوەی بۆ شوێنێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تر بەلام تێچوییێکی زۆر دەکەوێتە سەر ئەستۆی شارەکە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە .کەم بوونەوەی کاریگەری لەمپەر بە تێپەر بوونی کات :ئەمەش لەرێگای تیبەربوونی کات کە سەرەتا کاریگەری زۆرە بەلام بە تێپەربوونی کات کاریگەریەکەی کەم دەبێت و لەدەستی دەدات وەك پڕکردنەوەی دۆل و وشك کردنی زەلکاوەکان و برینەوەی دارستانەکان و هەلکرتنی گورستانەکان و کواستنەوەی ناوچەی پیشەسازی .

### 2-3- ناوچەکانی لەمپەر لە شارۆچکەی عەنکاوە

لەرێکای خستنە رووی طرینطترین هۆکار و بەلَطة سەبارەت بەفراوانبوونی شارۆچکەی عەنکاوە دەبینین شارەکە رووبەروی چەندین شێوازی جیاواز بوونەوە لە ناوچەکانی لەمپەر لە رووی فراوانبوونی رووبەرەکەی لەکاتی ئیستادا بونەتە رێگری تەواو لەبەردەم فراوانبوون و گۆرینی ئاراستەی فراوان بوونەکە لێرەدا ئاماژە بەهەر یەکێکیان دەکەین

3-2-1-ناوچەکانی لەمپەری سروشتی

لەبەر ئەوەی شارەکە دەکەوێتە دەشتاییەکی پان لەبەر ئەوە هیچ رێگریەکی سروشتی نایەتە بەردەم شارەکە وەك بەرزی و نزمی دۆڵ و روبەرە ئاویکەن تەنها یەك رێرەوی نەبێت کە لەوەرزی زستان ئاوی باراناو پێیدا تێپەر دەبیت و وەك

3-2-1-1-رێرەوی ئاوی(کەندێك) :ئەمیش بەدەر دەکەوی کە دەکەوێتە باکووری شارەکە کە لە رۆهەلاتەوە بۆ رۆژئاوای شارەکە درێژ دەبیتەوە.بروانە نەخشەی(6).ئەمیش بووەتە لەمپەر لەبەردەم گەشە و فراوان بوونی شارەکە دروست دەکات لە داهاتوو هەرچەند تاکو ئیستا ناوچەی بیناکراو و شوێنی نیشتەجێبوونی نەگەیشتۆتێ بەلام بە رێگری دادەنرێت لە داهاتوو لەبەر دەم فراوان بوون و گەشەی شارەکە

3-2-2- ناوچەکانی لەمپەری مرۆیی

سەبارەت بە لەمپەرە مرۆییەکان لە شارۆچکەی عەنکاوە تێبینی دەکەین کە لەمپەرە مرۆییکان ناوچەی لێکۆلینەوەی وەك دورگەیەك لێکردووە و بە هەر چوار لای شارەکە بووەتە رێگر لەبەردەم فراوان بوونی شارەکە لەهەندێ شوێن توانیویەتی پازدان بکات بەسەر لەمپەرە مرۆییەکان بەلام

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێك لەو لەمپەرانە تواناى پازدانیشیان نیە و لە ئەنجام بووەتە هۆی گۆڕینی ڕێرەوی فراوان بوونەکە بەرە و ئاراستەی تر لێرەدا ئاماژە بەهەر یەکێکیان دەکەین .

3-2-2-1-ناوچەکانی پارێزراوی ئەمنی و ئاسایش و سەربازگە : ئەم ناوچانە لە خۆ دەگرێت کە قەدەغە دەکرێت لە ڕووی ئاوەدان کردنەوە لە پاڵیان دا بەهۆی ئاسایش و سیاسی ئەمانەش دەبنە هۆکارێکی فشار لەسەر فراوان بوونی ڕووبەری شارۆچکەی عەنکاوە کە لەبەشی ڕۆژهەلاتی و باشووری ڕۆژهەلات بەتەواوی بووەتە لەمپەر کە گەرەکی ئاشتی کردووە بە دوو بەش و بوتە لەمپەر لەبەردەم پەیوەندی کردن بەیەکتری وەك گەرەکێکی سەربەخۆ هەر چەند تاکو ئیستا شوێنی نیشتە جێبوون و ناوچەی بینا کراو نەیتوانیوە پازدانێکی تەواو بکات بەجۆرێك تاکو ئیستا گەرەکی ئاشتی بەشی ڕۆژهەلاتی بەبەراورد بە بەشی ڕۆژئاوای هەمان گەرەك ئاوەدانی تێدا نیە چونکە بە ناوچەیەکی دابراو سەیر دەکرێت لەگەل شارۆچکەی عەنکاوە بەلکو ئەم بەشەی ڕۆهەڵاتی گەرەکی ئاشتی زیاتر وەك بەشێك لە شاری هەولێر خۆی نمایش دەکات هەر چەند لە راستی بەشێکە لە شارۆچکەی عەنکاوە . بروانەنەخشەی (6).

3-2-2-2- فروکە خانەی هەولیری نیودەولەتی :ئەمیش بەهەمان شێوەی ناوچەی پاریزراوی ئەمنی و ئاسایش بەتەواوی بەشی ڕۆژئاواو و باشووری ڕۆژئاوەی شارۆچکەکەی داپۆشیوە و بووەتە ڕێگریەك و لەمپەرێکی تەواو لەبەردەم فراون بوون و گەشەی شارەکە لەم لەمپەرە شارۆچکەی عەنکاوە تواناى پازدانیشی نیە بەتەواوی بووەتە سنوری جیاکەرەوە لە نێوان ناوچەی بیناکراوی شارۆچکەی عەنکاوە لەگەڵ شاری هەولێر . بروانەنەخشەی (6).

3-2-2-3-ناوچەی پیشەسازی : ناوچەی پیشەسازی شارۆچکەی عەنکاوە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژئاوای شارەکە کە لەگەرەکی (مەرعودە1) کە پێشتر بە کەرتی (108) ناسراو بوو بووەتە ڕێگر و لەمپەر لەبەردەم غراوان بوونی شارۆچکەی عەنکاوە بەجۆرێك هەرچەند لەبەشی باکوری ناوچەی پیشەسازی توانیویەتی پادانێکی لەسەرخۆ بکات بەڵام لەبەشی ڕۆژئاوای ناوچەی پیشەسازی بەتەواوی بووەتە ڕێگر و بەسنوری وەستاو دادەنرێت لەبەردەم فراوان بوونی شارەکە . بروانەنەخشەی (6).

3-2-2-4-زەوی کشتوکاڵی :ئەمیش دەکەوێتە بەشی باکووری شارەکە و بووەتە ڕێگر لەبەردەم فراوان بوونی شارۆچکەکە چونکە زەویەکی بەپیتی هەیە بۆ چاندن هەرچەند ئەم زەویانە هەندێك بەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماستەر پلان و دابەشکراوە بۆ شوێنی ئاوەدانی وە لە داهاتوو ئەگەری کەمە ئەم زەویە کشتوکاڵیە وەك لەمپەر بمێنێتەوە بروانەنەخشەی (6).


3-2-2-5-گورستان : ئەمەش بەشێك لە زەوی شارەکەی داگیر کردووە تاکو پێش ساڵی 2010 وەك لەمپەرێك بوو لەبەردەم فراوان بوونی شارەکە بەڵام دوای ئەوەی کەرتی 108 (مەرعودە1) توانی پازدان بکات لەم شارە و ئەم لەمپەرە کاریگەری کەم بوویەوە کە دەکەوێتە سەر رێگای سەرکی شەقامی 120م. بروانەنەخشەی (6).

3-2-2-6-دانیشتوانی گوندە بچوکەکان: گوندی گردجۆتیار ئەمیش لەبەردەم فراوان بوونی شارۆچکەی عەنکاوە لەبەشی باکووری شارەکە وەك لەمپەرێك دادەنرێت هەرچەند تاکو ئیستا شوێنی بیناکراو و شوێنی نیشتەجێبوون نەگەیشتوە به گوندی گردجوتیار

3-2-2-7-بریارەکانی حکومەت:بریارەکانی حکومەت لایەنی پۆزەتیڤ و نیگەتیڤی هەیە بۆ شارۆچکەکە بەجۆرێك بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەوانەی گرنگن بۆ ئاوەدانی و راکیشانی مرۆڤ بۆ نیشتەجێبوون لەم شارۆچکەیە بەتەواوی فەراهم کراوە بەڵام لەلایەکی تر بریارەکانی حکومەت بوونەتە هۆی دروست کردنی ئەم جۆرە لەمپەرانە لە دیارترینیان پاریزراوی فرۆکەخانە و ناوچەی پاریزراوی ئاساییشە بروانەنەخشەی (6).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە (6) دیاریکردنی لەمپەرەکانی بەردەم فراوانبوونی شارۆچکەی عەنکاوە سالی 2022




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە وەزارەتی پلاندان ،بەریوەبەرایەتی ئاماری هەریم 2022

## دەرئەنجام

-1شاروچکە ی عە نکاوە یە کیکە لە ناوە ندە شارستانیە کانی سە ر بە پاریزگای هە ولیر و میژوویە کی دیرینی هە بە هە ر لە کونە وە شوینی نیشتە جیبوونی دانیشتوان بووە.

2-بەردەوامی گەشەی دانیشتوان جا ج بەهۆی زیاد بوونی سروشتی بێت وەیان بەهۆی جولەیەکی سەپێنراوبیت لەسەر دانیشتوان بە ئاراستەی گەشەکردنی سیاسی و بەریوەبردنی شارۆچکەی عەنکاوە بە شێوەیەکی گەورە رۆڵی هەبوو لە پاڵ هاویشتنی دانیشتوان و فراوان بوونی شارۆچکەی عەنکاوە

بەتایبەت دوایی سالی 2003 و دروست بوونی ئەو بارودۆخە تایبەتیەی لە ناوەراست و باشووری عیراق دروست بوو بە جوریک لە سالی ٢٠٠٠ دا رووبە ری شاروچکە کە زیاتر لە (٢٠٢) هیکتار بوو کە چی لە سالی ٢٠١٩ زیادیکردووە بو (١,٠٢٧) هیکتار

3-شاروچکە کە لە چاو ناوچە کانی تر کە متر فراوانبوونی بە خسویە وە بینیووە نهمهش دە گە ریتە وە بو فاکتە ری ئاینی کە زوربهی دانیشتوانی مە سیحین ئە مە ش وایکردووە کە متر موسلمانە کان لە ویدا نیشتە جی بن

-4ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتەواوی دەورە دراوە بە لەمپەری سروشتی و مرۆیی بەتایبەت لەمپەرە مرۆییەکان وە تایبەتتر لەمپەری (پاریزراوی ئاسایش و پاریزراوی فرۆکەخانە کە بەتەواوی شارۆچکەکەی بەرتەسك کردۆتەوە و رێطربووة لەبەردەم فراوان بون و طەشەی شارۆکە.

-5فراوان بوونی شارۆچکەکە بەرەو ئاراستەی باکور و باکووری رۆژئاوا ئەمەش بەهۆی ئەو لەمپەرانەی شارۆچکەکەی لە ئامێز گرتووە

## راسپاردە

1-لە سە ر حکومەت پیویستە ریگربی لە فراوانبوونی شار بە شیوە ی هە رە مە کی بکات بە لکۆ کاربکات لەسەر فراوانبوون بە شیوە یە ی ستوونی نە وە ک بە شیوە ی ئاسـویی بو ئە وەی رووبە ریکی کە م داگیربکات و نەگات بە لەمپەرەکانی بەتایبەت لەبەشی باکووری شارۆچکەکە.

2- حکومەت هەلسیت بە چارەسەرکردنی بەشێك لەو لەمپەرانەی کە توانای چارەسەرکردن و هەڵگرتنیان هەیە

3-حکومەت هەڵسێت بە لابردن و چارەسەرکردنی ئەم لەمپەرانە بەشێوەیەکی زانستی و سەردەمیانە.

4-ئاراستەکردنی فراوان بونی شارۆچکەکە بۆ ئەم ئاراستانەی کە کەمترین بەربەست دێتە بەردەم شارۆچکەکە ئەمیش بە دابەشکردنی زەوی و بردنی خزمەتگوزاری بەرەو ئەم ئاراستانە.

## سەرچاوەکان

1. عبدالرحمن ,لوزان حین ،شیکردنە وە یە کی جوگرافی بو فراوانبوونی رووبە ری شاری سوران و کاریگە ری لە سە ر مورفولوجیاکهی نامهی ماستە ر بلاونە کراوە هە ولیر : کولیژی ئاداب زانکوی سە لاحە دین.٢٠١٦.
2. الجنابي ,صلاح حميد الجغرافية الحضر أسس وتطبيقات .موصل :دار إبن أثير للطباعة والنشر.١٩٨٧ .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (٣)، هاوینی ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. خصباك شاكر العراق الشمالي دراسة نواحية الطبيعية والبشرية .بغداد :مطبعة شفيق 1973
4. روفو حنا عبد الأحد المحة التأريخ عن عنكاوة و ماضيها و حضرها .طبعة الأولى أربيل : مطبعة وزراة الثقافة 1996 .
5. وهيئة ,عبدالفتاح محمد جغرافية المدن لبنان دار النهضة العربية بيروت ١٩٧٢
6. أحمد،روژان سه باح .تحليل الكغرافي للمشكال البيئية في سهل أربيل رسالة ماجستير غير منشورة .أربيل :كلية آداب جامعة صلاح الدين.٢٠١٢ , .
7. الفقه ,شيرزاد عبدالعزيز عبدالرحيم التوسع المساحي المدينة دهوك دراسة في جغرافية دن رسالة ماجستير غير منشورة .أربيل :كلية آداب جامعة صلاح الدين.١٩٩٩,
8-عزيز ،جلال حبيب (به ريوه به رى ناحيه ى عه نكاوه) ضاوثيَكةوتن.2022
9-جمال غمدان،جغرافية المدن،الطبعة الاولى،قاهيرة،1965.
10-شيرزاد عبدالعزيز عبدالرحمن الفقة،التوسع المساحى المدينة دهوك(دراسة الجغرافية المدن)رسالة ماجستر،كلية اداب،جامعة الصلاح الدين ،1999.
11-بيان على حسن،التحليل الجغرافىالاتجاهاتالنو الحضرى فى محافظة السليمانية،دكتورا،كلية علم الانسانية،جامعة السليمانية ،2008.

# Geographical Analysis of The Expansion of The Area and Obstacles in Front of The City of Ankawa

## A Study in The Geography of The City

**Mudhafar Ahmed Rasool**
Department of Geography, College Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan, Region, Iraq
mudhafer.rasool@su.edu.krd

**Lozan Hasam Abdulrahman**
Department of Geography, College Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan, Region, Iraq
lozan.abdulrahman@su.edu.krd

**Zerin Star Ibrahim**
Department of Geography, College Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan, Region, Iraq
Zerin.ibrahim@su.edu.krd

***Keywords:*** *City, Expansion, Lame, Prosperity, Prevention.*

## Abstract

The phenomenon of cold urban expansion is considered a natural phenomenon of cities. After the beginning of movement and the beginning of new cities, cities developed in an environment that was not considered their own environment Urban

expansion is a natural or human factor that prevents the expansion of the city. Angawa has gone through several morphological stages. At the beginning of the formation of Angawa township, it was only a small village consisting of thirty neighborhoods, but after the rise of the administrative rank from the village became a district In the late 1980s, it became six neighborhoods. In 2000, it became seven neighborhoods with a total area of 202.29 hectares. In 2020, it became 12 neighborhoods with an area of 1,027 hectares. The main objective of this research is to identify the obstacles that hinder the development and expansion of the city The first topic is the introduction of concepts and terms and the introduction of the area of research in terms of history, geography and astronomical location.The second topic consists of showing the stages of expansion of Ankawa town from 1991 to Nista. The third topic discusses the characteristics and classification of the obstacles and identifies the obstacles that hinder the dialogue The expansion of the town. Finally, the conclusions, recommendations and list of references are presented.

------------------------------------------------------------

## ملخص:

تعتبر ظاهرة التوسع العمراني البارد ظاهرة طبيعية للمدن، فبعد بداية الحركة وبدء المدن الجديدة تطورت المدن في بيئة لم تكن تعتبر بيئتها الخاصة التوسع العمراني عامل طبيعي أو بشري يمنع التوسع من المدينة .
مرت عنقاوة بعدة مراحل شكلية، ففي بداية تكوين بلدة عنقاوة كانت قرية صغيرة فقط تتكون من ثلاثين حيًا، ولكن بعد صعود الرتبة الإدارية من القرية تحولت إلى منطقة في أواخر الثمانينيات. ستة أحياء، وفي عام ٢٠٠٠ أصبحت سبعة أحياء بمساحة إجمالية ٢٠٢.٢٩ هكتارًا، وفي عام ٢٠٢٠ أصبحت ١٢ حيًا بمساحة ١٠٢٧ هكتارًا .
الهدف الأساسي من هذا البحث هو التعرف على المعوقات التي تعيق تطور المدينة وتوسعها ، والموضوع الأول هو إدخال المفاهيم والمصطلحات وإدخال مجال البحث من حيث التاريخ والجغرافيا والموقع الفلكي.
أما المبحث الثاني فيتناول عرض مراحل توسع بلدة عنكاوا من عام ١٩٩١ إلى نيستا ، أما المبحث الثالث فيتناول خصائص المعوقات وتصنيفها وتحديد المعوقات التي تعرقل الحوار واتساع البلدة. وأخيرًا ، يتم عرض الاستنتاجات والتوصيات وقائمة المراجع.